سودانی پاکێجێک ڕووشوێنی بەپەلەی ئاراستە کرد بۆ فراوانترکردنی سەرچاوەکان و یەکخستنی پلەبەندی مووچە

ئەنجوومەنی وەزیرانی ئابووری عێراق چەند بریارێکی لەسەر زیادکردنی داهات و کەمکردنەوەی خەرجیەکان دەرکرد و دەستی پێویستە پێداچوونەوە بۆ هەژمارکردنی داهاتی ناوخۆی هەرێم بکرێت.

ئەمە دووشەممە ١٥ـی کانونی یەکەمی ٢٠٢٥، ئەنجومەنی وزاری ئابووری کەبوونەوەیەکی نائاسایی بە سەرکایەتی محەمەد شیاع سودانی، سەرۆک وەزیرانی عێراق ئەنجامدا و لە راگەیەندراوەکدا باویانکردەوە، ئەو لیژنەیە وەزاریەی کە لە مانگی حەوت پێکهێنراوە پێویستە پێداچوونەوە بە حیسابکردنی داهاتە نانەوتییەکان لە هەرێمی کوردستاندا بکات، کە لە ئێستادا وەک بەشە پارەیەکی دیاریکراو دەخرێتە سەر هەژماری وەزارەتی دارایی بە هەماهەنگی لەگەڵ هەرێم.

دەقی بڕیارەکانی ئەنجومەنی وزاری ئابووری عێراق کەدەستی موتەع کەوتووە:

- پێداچوونەوەی خێرا بکرێت بە دەرماڵە و مووچەی سێ سەرکایەتییەکە (سەرکایەتی پەرلەمان- سەرکایەتی کەمار- سەرکایەتی ئەنجومەنی وەزیران)و کاربکرێت بە یەکسانیی لە مووچەو دەرماڵەی هەموو کارمەندانی سێ سەرکایەتییەکە.

- لیژنەی تایبەت لە وەزارەتی پلاندانان نوێکردنەوەی پێویست بکات بە راپۆرتی تایبەت بە یەکخستنی پلە بە هەموو فەرمانبەران و لەبەرچاوگرتنی ئەو راسپاردانەی لەوبارەیەوە بەرزکراونەتەوە.

- کەمکردنەوەی تەرخانکراوی تایبەت بە (ئیفاد)ی فەرمانبەرانی دەوڵەت بەرژەی ٩٠٪ و قەدەغەکردنی مەگەر بە مەرج و بە رەزامەندی وەزیر.

- کەمکردنەوەی رەژەی سەرپەرەشتی و چاودێری پرۆژە نوێیەکان، هەروەها دانان و کاراکردنی پرۆگرامێکی هاوردەی نیشتمانی کە تەنیا کاڵا بنەڕەتییەکان لەخۆبگرێت.

- بەرزکردنەوەی راسپاردە بە ئەنجومەنی وەزیران بە چاوخشاندنەوە بە پاڵپشتی بەرهەمی گەنم، بەشێوەیەك کە زامنی پاڵپشتی حکومەت بکات بەرژەی (١٧٠٪)ی نرخی بەرسی جیهانیی.

- وەزیری بازرگانی راسپەردرا بە چاوخشاندنەوە بە کەبەنی خەراك و چاکسازیکردن تێیدا، ئاماژەکردنی بە ئەو کەسانەی کە بەڕاستی شایستەن لە چینە لاوازەکانی کەمەڵگا.

- لیژنەی وزاری پێکهێنراو بگوڕەی بیاری (٥٥٠) ئەنجومەنی وەزیران، راسپەردرا بەمەبەستی چاوخشاندنەوە بە هەژمارکردنی داهاتە نانەوتییەکان لە هەرەمی کوردستان عەراق بە هەماهەنگیی لەگەڵ هەرەم، کە لەئەستادا وەکو بەڵە پارەیەکی دیاریکراو دەخرێتە حسابی وەزارەتی دارایی.

- بەهێزکردنی کارکردن بە سیستمی ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە لە دەستەی گومرگەکان بە هەماهەنگیی لەگەڵ بانکی ناوەندیی عێراق و پێرەپێدانی کەکردنەوەی پارەی کارەباو چاوخشاندنەوە بە باجی ئەستاو پشتبەستن بە وەرگرتنی ئۆتۆماتیکی لە هەموو کەرتەکان؛ بەتایبەتیش کەکردنەوەی پارەی کارەباو شارەوانی بەغدا و شارەوانییەکان لەسەرتاسەری عێراق، کە پێویستە پارەدان تەنیا بەشێوەی ئەلیکترۆنی بێت.